# تاجی ئیستقلال — دەشتی





ئەی عـــــێراقی بێکەس و پڕ لە ئێش و دەردو خـەم
وەی ئەســـــیری حەربی ناڕێکی لە مەیدانی بـەتەم
حەیفـە پاشی تـۆ بمێنن کــوردەکانی بێ حەشــەم
چوولەدەســــتیان مەعدەنی عیززوشەڕەف بەینەلکەیەم

ئـەی گەلی ئەشـرافی کوردان بـۆ غـەریقی زیللەتـن
بـۆچـی وا دائیم خەریـکی قـووتی مولک و میللـەتن
بـــۆچـی وا دەعیە و تـەکەببور لێ ئەدەن پڕحیـددەتن
چاکـە شــــەرمێکەن لەعالەم سـەربەخـۆ کاکن لەدەم

مەرکــەزی خـاکی ســـلێـمـانی خیانەت تێـکی دا
خۆبەخـۆ هەرچـی کەهات و قوووەت و قـەولێکــی دا
تـاجـی ئیسـتقلال بێ ســــــەر چوو چ نەفعێکی نەدا
چەققە لولـە و بابەڕۆ پـشـتم شـــکا یۆزی نـەدەم

کوا ڕەئیسی جــــاف و هەم کوا میرەکانی پـشت گەلی
ئیجتماعی میرووسوو کـوانی لـەگـەل میرمـەحمـەلی
کوا هـەمــاوەند و شــــــکـاک و بۆتـەکانی گەنجەلی
چەند کەسی تـر هەن کەئەمڕۆ نـانی دەریوزەی لـەدەم

هەرکەسێ هات و بەدیعی سـەنعـەتی بـــوو نـاویدا
خــاکی ئێوەی کردە پـــــاپۆی و لـە بەحـرا ناویدا
مەکتەبی لاســـلکی دانا نـەفـعـی بێ ئەنـدازیـدا
تابەکەی ئێوەش لـەجەهلا دائەدوورن پووشی سـەم

بابەگوڕگـوڕ تاوەکوو ئێـستاکـە پـیری ئێـوە بــــوو
خـانـەقـاو و تـەکیەو و ڕێـــــازی شـیخی ئێوە بوو
جێگەیی مـــەولوود و سەد ئیحسان و خێری ئێوە بـوو
ئێستاش واپـێ خەنی بوون عارەب وتورک و عـەجـەم

چـاکە فـکرێکەن لە ئیستقبالی خـــۆ زوو چـارەکـەن
تەرکی وەحشەتکەن سیلاحی یەکدی کوشتنن پـارەکـەن
ڕوو لەپـەیدا کـردنی ئــــــالاتی وەک تـەیـــارەکەن
تـاوەکو دەشتی نەبێ مـەشـغولی قــاڵ و قیلی خــەم

هۆزانە نیشتمانیەکانی دەشتی هەموان بەلگەی نیشتمانپەروەری وخۆشەویستی کوردو کوردستانە کە نەمر دەشتی لە ڕۆژگارانی خۆی دا هەستی بە چەوساوەیی و نەبوونی قەوارەیەکی نەتەوایەتی کورد کردووە و هەر بۆیەشە لە هەموو شیعرە نیشتمانیەکانی دا بەو جۆرە باسی کوردستانی خۆی و دواکەوتویی و نەبوونی کیانێکی کورد دەکات و باسی هۆکارەکانی نەبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و چارەسەریەکان دەکات .

ئەحمەد دەشتی